# له ئەجێندای حکومەت و پەرلەماندا گەنج بە واقیعی و مەعنەوی غاییە

**عادل شاسواری**
adilshaswary2000@yahoo.com

زۆربەی گەنجی ئێرە لە حیرمانێکی زۆر بەرفراواندا ئەژی ، بەڕاددەیەك نائومێد بوە بڕوای بە گۆڕانکاری و چاکسازی نەماوە .. ئەخوازێ ڕۆژێ زووتر لەم دۆزەخە رزگاری ببێت و بگات بەبەهەشتی هەندەران ، هەربۆیە قسەکردن لەسەر ماف و ئەرکی گەنج لەمڕۆدا بێ ئەنجامە ئەگەر (دەسەلآت ، حکومەت ، پەرلەمان) بەجددی نەیێتە پێشەوە بۆ هەنگاوهەڵهێنان بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەك کەلەئاستی گەورەیی فەیرانەکەدا بێت .. کەبەراستی کۆی مافە سەرەکیەکان بۆ گەنج دابین بکات ، بەجددی پرۆژەی خزمەتکردن بە بوژاندنەوەی ژیانی گەنج و بەواقیعکردنی خەونی گەنج بخاتە ئەجێندای کاری خۆیەوە .. تائێستا ئەوەی گەنج لە حکومەت و پەرلەمانی بینیووە ئەوەیە :

- ئەوان هەربۆ دەست و پێی خۆیان ئیش دەکەن .
- لەحاڵێکدا کەمیللەت سەدان کێشەی هەیە لەسەرەتایی ترین مافەسەرەکیەکانی بێبەشە پەرلەمان دێت و بڕیارێك دەردەکات بۆ کڕینی سەیارەی سێ دەفتەر و نیوی بۆ هەر 111ئەندامەکەی ، لەکاتێکدا 111 کاری گرنگتر هەیە کەپەرلەمان بیکات .
- لە دەسەلآتی دارشتنی پرۆژە و ئەجێندای حکومەت و پەرلەماندا گەنج بە واقیعی و بەمەعنەوی غاییە .

ئەگەر دەسەلآت بەم تێبینیانەی گەنج قەڵسە و بڕوای وایە وانیە ئەبێت یەکەم هەنگاو هی ئەو بێت .. ئەبێت یەکەمجار ئەو دەستپێشکەری ئەوە بکات گەنج لە خۆی ئاشتبکاتەوە چونکە گەنج تۆراوە .. گەنج لەم ولآتەدا خۆی بەنامۆ ئەزانێ .. خۆی بە میوانێکی رەزا گران ئەزانێ .. ئەبێت مافی بۆ دابین بکرێت بۆ ئەوەی گەنجی کوڕ رانەکات و ولآت پڕنەبێت لە قەیرەکچ .. دەسەلآت ئەگەر مەبەستیەتی ئەبێت ماددی و مەعنەوی پشتگیری لە خەون و خولیاکانی گەنج بکات و خەونەکانی بکاتە واقیع .. ئەبێ گەنج مافی بژێوی پێبدرێت .. چونکە ئەمە ژیان نییە گەنج هەیەتی .. ئەبێ بە واقیعی بۆی بسەلمێنرێ گرنگی پێدراوە .. کەلە زانکۆ ئەخوێنێ ئەبێ دڵخۆش ببێت بەداهاتووی بڕوانامەکەی ، نەك بێ بڕوانامەیەکی خاوەن پشت بتوانێ هەزار پەت پەتی پێبکات .. گەنج نابێ تاڤگەی گەلی عەلی بەگ و بورجی پاریس و مەیدانی ئازادی و ... تەنها لەسەر پشتی قەپاخە شقارتە ببینێت بەڵکو ئەبێت مافی سەفەری هەبێت .. گەنج یەك دنیا وزەو توانایە ئەبێ بواری بۆ بسازرێ سەرفی بکات تاکەی هەر گەنج کەپت بکرێ ؟! گەنج ئەبێت وەلآمی پرسیارە زیندووەکانی دەست بکەوێت .. ئەوە ماف نییە (تفی خۆت بکە و بڕۆ) پرسیاری خۆت بکە و بەتەمای وەلآم مەبە ..گەنج رادیۆی جاران نیە هەر قسە بکات و بەتەمای وەلآم نەبێت .. وەلآمی ئەوێت .. مافی ئەوێت ..بەهەموو مانا مەدەنی و ئینسانیەکەی ژیانی ئەوێت ..گەنج سەری ڕمە لە هەموو راپەڕین و بەرخودانێکدا و سنگی قەڵغان و سوپەری دوژمنانە لە هەموو شۆڕش و ئاگربارانێکدا .. ئەی دوایی ؟! کەشۆڕش سەرکەوت و دامرکایەوە باس هاتە سەر سفرە و خوان و خەلآت و بەرات .. کەباس هاتە سەر مۆنیکاو پرادۆ ڤێلا و جەواز و زەواج ....هتد گەنج بۆ ئەبێ لەدەرەوەی بازنەبێ ؟! هەرکات لەم مافانەشدا بەشی هەبوو .. ئەو کات ئەبێ چاوەڕوانی ئەرکی لێ بکرێ .. هەرکات لەڕوی مافەوە لای لێ نەکرێتەوە نابێ چاوەڕوانی ئەرکی لێ بکرێت .

ئەمە دەقی ئەو وەلآمەبوو کەسەبارەت بە پرسیاری : ماف و ئەرکی گەنج لەتەوەرێکی رۆژنامەی خەباتی ژمارە 2442 دا بەکەمێك مۆنتاژەوە .. بلآوبووەتەوە .